**بەش: مێژوو**

**کۆلێژ: ئاداب**

**زانکۆ: سەڵاحەددین - هەولێر**

**بابەت: مێژووی هاوچەرخی تورکیا**

**پەرتووکی کۆرس – (ساڵی ٤ - کورد)**

**ناوی مامۆستا ( پ.ی.د. دلشاد محمود عبدالرحمن )**

**ساڵی خوێندن: (٢٠٢٣/٢٠٢٤)**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | مێژووی هاوچەرخی تورکیا |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | پ.ی.د. دڵشاد محمود عبدالرحمن |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | مێژوو / ئاداب |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: (dilshad.m.a@su.edu.krd)<br>ژمارەی مۆبایل: (0750 468 49 79) |
| ٥. یەکەی خوێندن لە هەفتەیەک | تیۆری: ٣ |
| ٦. ژمارەی کارکردن | (٤) رۆژ / (٨) کاتژمێر |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | ساڵی (١٩٩٦/١٩٩٧) لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر وەرگیراوم. ساڵی (١٩٩٩/٢٠٠٠) بە پلەی یەکەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسم بەدەستهێناوە. ساڵی (٢٠٠٧) بڕوانامەی ماستەرم پێ بەخشراوە. ناونیشانی نامەی ماستەرەکە بریتیبوو لە (کەرکووك (١٩٣٢–١٩٥٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی رۆڵی سیاسی و رۆشنبیری). لە ساڵی (٢٠٠٧) بە پلەی زانستیی "مامۆستای یاریدەدەر" لە بەشی مێژوو – کۆلێژی ئەدەبیات – زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر دەستبەکار بوومە.<br>(٢٠١٣/٣/٦) بڕوانامەی دکتۆرام لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد پێ بەخشراوە. ناونیشانی تێزی دکتۆراکە بریتیبوو لە (بارودۆخی کۆمەڵایەتیی شاری کەرکوك لە سەردەمی پاشایەتیدا (١٩٢١–١٩٥٨)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە).<br>دوو کتێبی چاپکراو و چوار کتێبی دەستنووس ئامادەی چاپن، چەندان توێژینەوەی زانستی و وتاری مێژوویی لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوکردووەتەوە.<br>لە چەند بواری و کایەی زانستیدا بەشدار بوومە، لەوانە: ئەندامی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان (سلێمانی، ٢٠٠٣–٢٠٠٦)، بەرپرسی ناوەندی توێژینەوە (هەولێر، دەزگای موکریانی، ٢٠٠٦–٢٠٠٧)، ئەندامی کۆمەڵەی رۆشنبیریی مێژوویی کوردستان (هەولێر، ٢٠٠٨– تاوەکو ئێستا)، ئەندامی لێژنەی باڵای ئامادەکردنی ئینسایکلۆپیدیای کوردستان (هەولێر، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٣– تاوەکو ئێستا)، سەرۆکی کۆمەڵەی ئینسایکلۆپیدیای کوردستان (هەولێر، ٢٠١٤– تاوەکو ئێستا).<br>لە چەند کۆنفرانس و وۆرکشۆپێکی ئەکادیمیدا بەشدار بوومە، لەوانە: کۆنفرانسی کەرکووك (سلێمانی، ٢٠٠٤)، کۆنفرانسی عوسمانی (هەولێر، ٢٠١٢). کۆنفرانسی هەولێر (هەولێر، ٢٠١٩). کۆنفرانسی کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە و سەرچاوە بیانییەکاندا (هەڵەبجە، ٢٠٢٤). کۆنفرانسی رۆڵی هۆزە کوردییەکان لە کوردستاندا (١٥١٤–١٩١٤) (زاخۆ، ٢٠٢٤). |

| ٩. وشە سەرەکیەکان | میژوو، جەنگی یەکەمی جیهانی، شۆرشی سەربەخۆیی تورکی، لەناوچوونی خەلافەت، مستەفا کەمال ئەتاتورک، عیسمەت ئینۆنۆ، جەنگی دووەمی جیهانی، پارتە سیاسییەکان، جەلال بایار، کودەتا. |
|---|---|

**١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

تورکیا لە سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی چووە ناو شەڕێکی گەورە و بە شکست لێی دەرهات و ناوچەکانی دەسەلآتی لەنێوان وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگ دابەشکرا و وڵات کەوتە ژێر هەژموونی داگیرکاریی بێگانە. لەو ئاکامەدا زەروورەتی مێژوویی وای دەخواست دەستە و گرووپە نیشتمانپەروەرەکان ڕووبەڕووی چاوتێبڕینی وڵاتانی بیانی ببنەوە.

هەوڵ و هەنگاوەکانی مستەفا کەمال بۆ هێنان ئارای دەوڵەتێکی هاوچەرخی تورکی و سوپا و پارتە سیاسییەکان و پەیوەندییە دەرەکییەکان و سیستەمی سیاسی و باری ئابووری و کۆمەلایەتیی تورکیا لە بابەتە گرنگەکانی دیکەن.

لە سالآنی جەنگی دووەمی جیهانی تورکیا چاودێریی بارودۆخی جەنگی کرد و نەچووە نێو شەڕەوە و هەولیداوە بارودۆخی جەنگ لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت و پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی لەو ڕوانگەیەوە دابمەزرێنێت. لە دوای جەنگ بارودۆخی نوێ هاتەئارا و ڕەنگدانەوە و کاریگەرییان بەسەر تورکیاوە هەبوو, یەکێك لەو کاریگەرییانەش پەیدابوونی ژیانی فرەحزبی بوو. لە سالی (١٩٤٦) بەدواوە چەندان حزبی سیاسی لە تورکیا دامەزرێندران, بەناوبانگترینیان بریتیبوو لە (حزبی دیموکراتی) بە سەرکردایەتی جەلال بایار، لە هەلبژاردنەکانی (ئایاری ١٩٥٠) توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بۆ ماوەی دە سال لە حوکمڕانی بمێنێتەوە، بەلآم (٢٧ ئایاری ١٩٦٠) لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە دەسەلآتی لێ وەرگیرایەوە. لە سالآنی (١٩٦٠–١٩٩١) تورکیا ڕووبەڕووی بارودۆخی ئابووری و سیاسی نوێ بۆوە و کاریگەری گەورەیان لەسەر دوا ڕۆژی ئەو وڵاتە هەبوو.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس**

١- خستنەروو و شیکردنەوەی نموونە مێژوویی و دیاردە شارستانییەکان و هەولدان بۆ ئاگادارکردنی قوتابیان و تێگەیاندنیان.
٢- ئاشناکردنی قوتابیان کە مێژوو تەنها بریتی نییە لە کایە سیاسی و سەربازییەکان، بەلکو ژیانی کۆمەلآیەتی و ئابووری و رۆشنبیری و ئایینی ئەگەر لەوان زیاتر نەبن ئەوا بێگومان کەمتر نین.
٣- گەیاندنی زۆرترین زانیاریی مێژوویی تا قوتابیان بە سانایی توانای شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی رووداوە مێژووییەکانیان لا دروست بێت و هزری نوێ و زانستییانە بەرجەستە بکات.
٤- تێگەیاندنی قوتابیان لە وردەکاریی بابەتە مێژووییەکان کاریگەری دەبێت لەسەر بەخۆدا چوونەوە و زەقبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و تۆخکردنەوەی شوناسنامەی نیشتمانی.
٥- جەختکردنەوە لەسەر کایە شارستانیەتەکان بە نۆرەی خۆی رۆلی کاریگەری لە هەلکشانی ئاستی رۆشنبیریی قوتابیان دەگێرێت و لە کۆتاییشدا ئەندامێکی ئەکادیمی ئەکتیڤ و تویژێکی رۆشنبیر بەرهەم دێت و بە سوودی کۆمەلگا دەشکێتەوە.
٦- روونکردنەوەی رایەلی پەیوەندییە فەرهەنگییەکانی عوسمانی و تورکی بەسەر کۆمەلگا ئیسلامییەکان و کوردستانەوە.
٧- شیکردنەوەی پەرچە کرداری کەمالیزمەکان بەرانبەر بە نەتەوە و رەگەزە ناتورکەکانی نێو دەوڵەتی تورکیای نوێ و خستنەرووی گۆڕانە دەستووری و کۆمەلآیەتییە ریشەییەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورک، لەپێناو چاوکرانەوەی قوتابیان

بەرانبەر بە هەڵوێستە سیاسییەکانی ئەمڕۆی دەسەڵاتدارانی تورکیا.

٨- ئاشناکردنی قوتابیان بە ئاراستەکانی پێگەیشتنی سیاسیی دەوڵەتی تورکیای هاوچەرخ.

### ١٢. ئەرکەکانی قوتابی

پێویستە قوتابی ڕۆژانە سەرچاوە بۆ هەر وانەیەکی بابەتەکە بخوێنێتەوە و لە پۆلدا بەپێی بوونی کات و دەرفەت زانیارییەکان تاوتوێ بکات. لە کاتی تاقیکردنەوەشدا هەر لەسەر ئەو زانیارییانەی مامۆستا پێشکەشی کردوون نەوەستێت، بەڵکو هەوڵبدات زانیارییە دروستەکانی سەرچاوە ئەکادیمییەکان بابەتیانە شی بکاتەوە، لەبەرنەبوونی کات و چونکە قوتابیان پۆلی چوارن و توێژینەوەی دەرچوونیان هەیە بۆیە داوای راپۆرتیان لێ ناکرێت. بەڵام لەگەڵ نووسینی وتاردان بۆ بابەتی دەستنیشاکراو لە لایەن مامۆستاوە.

### ١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە

ڕێگەی وانە وتنەوە بریتییە لە خستنەڕووی زانیارییەکان لەسەر هەر بابەتێکی دیاریکراو بە ڕێگەیداتاشۆ و پاوەرپۆینت و تەختە سپی، دواتر شی کردنەوە و نموونە هێنانەوە و لێك بەستنەوە بە واقیعی ئێستای تورکیا و عیراق و ناوچەکە.

### ١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن

جۆری هەڵسەنگاندن بریتییە لە تاقیکردنەوەکانی میدتێرم و کویزەکان، هەروەها چالاکی ڕۆژانە لە بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و زانیاریی زیادە و وتارنووسین. تاقیکردنەوەکانی مانگانە (٣٠٪) نمرەی لەسەرە، کویزەکان و چالاکی ڕۆژانە (١٠٪) نمرەی لەسەرە، تاقیکردنەوەی کۆتایی (٦٠٪) نمرەی لەسەرە.

### ١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون

ئاشنایەتی پەیداکردن بە مێژوو و ژیانی سیاسی و گۆڕانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەستوورییەکانی تورکیا. هۆشیاری پەیداکردن بەرانبەر بە رەوتە مێژووییەکان و سیاسەتی ڕۆژی دەسەڵاتدارانی تورکیا. تێگەیشتنی قوتابیان لە ماهیەت و کرۆکی دەسەڵاتی تورکەکان و شکڵ و شێوە و رووی ئاییندارى و بەکارهێنانی پایە و پێگەیان بەرانبەر بە دانیشتوان و وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکە، لە هەمان کاتدا، چۆنیەتی تێڕوانینی دەوڵەتە ئیسلامییەکان بۆ دەسەڵاتی تورکیا.

### ١٦. لیستی سەرچاوە

- سەرچاوە بنەڕەتیەکان:


– د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د.خەلیل عەلی مراد، مێژووی ئێران و تورکیا، هەولێر، ٢٠١١.

– کۆمەڵێک توێژەر، تورکیای هاوچەرخ، سلێمانی، ٢٠٠٨.

– ئیسماعیل بێشکچی، تێزی تورک بۆ مێژوو، سلێمانی، ٢٠٠٠.

– کۆمەڵێک توێژەر، تورکیای نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا، سلێمانی، ٢٠٠٦.

– ئێریک جەی. زورچەر، مێژووی هاوچەرخی تورکیا، سلێمانی، ٢٠١١.

– حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی تورکیای هاوچەرخ، هەولێر، ٢٠٠٩.

– کۆمەڵێک توێژەر، ئیسلام و عەلمانیەت لە تورکیا، سلێمانی، ٢٠١٠.

- سەرچاوەی سوودبەخش:

– **حنا عزو بهنان، التطورات السياسية في تركيا (١٩١٩–١٩٢٣)، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ١٩٨٩.**

– **قاسم خلف الجميلي، تطورات واتجاهات السياسة الداخلية التركية، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ١٩٨٥.**

– **محمد زاهد جول، الانقلاب العسكري في تركيا، بيروت، ٢٠١٧.**

– **رضا هلال، السيف والهلال (تركيا من اتاتورك الى اربكان)، بيروت، ١٩٩٩.**

- گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت):
  ١- گۆڤاری مێژوو.
  ٢- گۆڤاری تورکیاناسی.

| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| پلانی وانەکان | د. دڵشاد محمود عبدالرحمن<br>وەک: ٣ کاتژمێر<br>٢٠٢٤/٢/٢٢ |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)<br><br>پرۆژەی دەرچوون | د.دڵشاد محمود عبدالرحمن<br>(٤) کاتژمێر<br>**٢٠٢٤/٢/٢٢** |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**پ١: ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی دروست پڕ بکەرەوە: (١٥)نمرە**

١- گەڵاڵەنامەی نیشتمانی لەم خاڵانە پێکهاتبوو: ١- ................. ٢- ................. ٣- ..................... .
٢- هۆیەکانی ئەنجامدانی کودەتای (١٩٦٠) بریتیبوو لە: ١- ................. ٢- ................. ٣- ..................... .
٣- ئامانجە سەرەکییەکانی پارتی گەلی کۆماری: ١- ................. ٢- ................. ٣- ..................... .
٤- لە هۆیەکانی سەرکەوتنی حزبی دیموکراتی لە هەڵبژاردنەکانی (ئایاری ١٩٥٠):
١- ................. ٢- ................. ٣- ..................... .
٥- لەسەر ئاستی ناوخۆدا، حکومەتی عەدنان مەندەریس لەسەر سێ هێڵی گشتی کاری کرد:
١- ................. ٢- ................. ٣- ..................... .

**پ٢: کورتە باسێک لەسەر هۆکار و ئاکامەکانی کودەتای ساڵی (١٩٨٠)ی تورکیا بنووسە. (١٨)نمرە**

**پ٣: ئەمانەی خوارەوە وەڵام بدەرەوە: (١٥)نمرە**

لقی أ/ پێناسەی سێ لەمانەی خوراەوە بکە: (٩)نمرە

١- عیسمەت ئینۆنۆ ٢- کازم قەرەبەکر پاشا ٣- مستەفا کەمال ٤- شەڕی سەقاریا.

لقی ب/ زانیاری لەسەر ئەم مێژووانەی خوارەوە بنووسە: (٦)نمرە

١- (١٠-١١-١٩٣٨). ٢- (١-١١-١٩٢٢). ٣- (٢٧-٥-١٩٦٠).

**پ٤: وەڵامی ڕاست یان چەوت بۆ ئەم زانیارییە مێژووییانەی خوارەوە هەڵبژێرە: (١٢)نمرە**

١- ڕووداوی ئەزمیر یەکێک بوو لە هۆیەکانی ئەنجامدانی کودەتای ساڵی (١٩٦٠).
٢- تورکیا ساڵی (١٩٣٦) (پەیماننامەی مۆنتریۆ)ی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێیەت مۆر کرد.
٣- ساڵی (١٩٢٤) سیستەمی سەڵتەنەتی عوسمانی ڕەتکرایەوە.
٤- هاوپەیمانێتییەکانی سەردەمی حکومەتەکانی عەدنان مەندەریس بە ئەرێنی بەسەر تورکیادا شکایەوە.
٥- (ڤۆن بابن) باڵیۆزی ئەڵمانیا ڕۆڵی نەبوو لە ڕاکێشانی تورکیا بەلای ئەڵمانیای نازی.
ژیانی فرەحزبی لە تورکیا دوای جەنگی دووەمی جیهانی هاتەئارا.

**٢٠. تێبینی تر**

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**